

# چوار کاتژمێر

**زمناکۆ خەسرۆ**
**(ئەمریکا )**

ئەوە بۆ سێ ساڵان دەچێ، شیلان و بەختیار و سێ منداڵەکەی لە ئەڵمانیا دەژین، کە گەیشتنە ئەڵمانیا لە شارۆچکەیەکی گچکە گیرسانەوە. گچکە لە ژمارەی دانیشتوان، دەنا ڕووبەری شارەکە گەورە دیارە. کۆمەڵێک مۆڵ، تەنانەت دەریاچەی دەستکرد و پارکی گەورەشی لێیە. لە شارەکەی وان تەنێ دوو سێ خێزانە کوردی دیکەی لێیە، هەریەکەیان بە کارێکەوە مژووڵە و بژێوی خۆی پەیدا دەکا.

بەختیار، کە کاتی خۆی لە کوردستان مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە، پاش هەوڵدان و خوێندن و دووبارەکردنەوەی چەند تاقیکردنەوەیەک، لەوێندەریش بووەوە مامۆستای ئینگلیزی. لە شارۆچکەکەی خۆیان، لە پەیمانگەیەک کارێکی دەست کەوتبوو، دەیانتوانی بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن. بەختیار و شیلان بە خۆشەویستی هاوژینییان دروست کردبوو. ئەوان کە لە زانکۆی سەلاحەددین یەکتریان ناسی، پاشان تەمی عەشق تەلاری بیرکردنەوەیانی تەنی، ئەو عەشقە بووە بنەمای ئەوکات و ئێستای ژیانیان، ئەگەرچی وەکی زۆربەی کچ و کوڕانی دیکەی کوردستان تووشی زۆر سەرهێشە بوونەوە. ئاخر لە کورستان زۆر لە خێزانەکان باوکێکی کۆنەپەرست، ئەگەرنا برایەکی پاشکەوتوو، خۆهەرنا ئامۆزایەکی مێشک بەردینیان هەیە، کە دەزانن کچەکەیان "عیلاقە"ی لەگەڵ کوڕێک هەیە کە هاتووەتە داخوازی، ئیدی هاوسەرگیرییەکە تەگەرەی تێ دەکەوێ، ئەوەی بەختیار و شیلانیش هەروا، بەڵام ئەوان کە لە ڕوحدا یەکتریان خۆش دەویست، هەموو ئەو ناخۆشییانەی سەرەتا، کاریان نەکردە سەر خۆشەویستییەکەیان، بگرە بەهێزتریان کرد.

دوو کچ و کوڕێکیان هەبوو. نازی دوازدە ساڵ و شکۆی حەفت ساڵ و ئاسیاشیان تەمەنی دوو ساڵان بوو. شیلان لە کوردستان سەردانی دکتۆری دەروونی کردبوو، ناوەناوەش چارەسەری وەردەگرت، دکتۆر پێی گۆتبوو کە نەخۆشی

خەمۆکی هەیە. زۆر جاران کە دەرمانی وەردەگرت، باشتر دەبوو، کە دەستی لە دەرمانەکان هەڵدەگرت، نەخۆشییەکەی بۆ دەهاتەوە، بێ تاقەت دەبوو؛ خوڵقی ئیشکردنی ناو ماڵەوەی نەدەما؛ جارجارە هوڕێنەی خۆکوشتنیشی دەکرد؛ بەس قەت نەبووە هەنگاوی بۆ نابێ. زۆر جاران کە لەگەڵ بەختیار باسی خەمۆکی وی دەکرا، شیلان دەیگۆ، "زۆر جاران هاتیتە مێشکم خۆم بکوژم، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە، قەت نامەوێ منداڵەکانم بێ دایک گەورە بن، بۆیێ قەت ئەو هەڵەیە ناکەم."

ئەوەیان لە کن ئاسایی بوو کە زۆر جاران شیلان تووشی خەمۆکییەکەی دەبۆوە، بەڵام ئەوەی باش بوو، پاش چەند ڕۆژێک باشتر دەبوو، ماوەی دوو سێ ڕۆژ بوو شیلان دیسان تووشی خەمۆکییەکەی بووبۆوە. ئەورۆ سبیانێ کە لە خەوێ هەڵستان، شیلان دڵتەنگییەکی زۆر زۆری هەبوو، کە چووە ئاودەست، زیاتر لە جاران مایەوە و زۆری پێ چوو، پاشان هەموویان لەسەر مێزی نانخواردن خڕ بوونەوە، کە لەسەر مێزی نانخواردنەکە بوون و نانی سبیانێیان دەخوارد، شیلان بەدەم قسەکردنەوە:

+ بەختیار، دەزانی خۆکوشتنیش وزەی دەوێ، ئاخر لەبەلاش نییە کە نەخۆشی دەروونی ئەوکاتە خۆیان دەکوژن کە بەهۆی دەرمانەوە هەندێک باشتر بووینە. یانی، بایی ئەوەندە وزەیان هەیە، کە خۆیان بکوژن.

– ڕاستە، وەیە.

ئاسایی، شیلان سبیانان ناو مارێی هەڵبژارد و خاوێن دەکردەوە و پیاڵە و هیرباریشی دەشووشت، بەڵام لەبەرئەوەی کە نەخۆش دەکەوت، تاقەتی ئەوەی نەدەما، بۆیێ ئیشی دوونێشی مابۆوە. ژووری دانیشتن و نانەین، خاوێنکردنەوەیان دەویست، جگە لەوەی ژووری نووستنەکە دەستی لێ نەدرا بوو، کە لەسەر نانی هەرستان، بەختیار چووە ئاودەستێ، کە مەغسەلی دەستوچاوانی لێیە، تا ددانی بشوا، هەر ئەوەندەی پێ چوو زیاتر نا، کە هاتە دەرێ، هەر سێ منداڵەکە لە ژوورەکەی خۆیانن و شیلانیش لەوێ نییە. بەختیار لە منداڵەکانی پرسی؛

+ کوانێ دایکتان؟

شکۆ: ڕۆیشت.

+ نەیگۆ کێوە دەچم؟

ناز: نا، هیچ قسەی نەکرد.

یەکسەر دڵەخورپەکی توند لە سینگی بەختیاری کوتای. ئەو هەندی یەک و دوو فکری بۆ ئەوەی چوو، شیلان سلفی لە ئۆتۆمبێلەی داوە و چووە خۆی بکوژێ.

–نا، توو بڵێیی شیلان خۆی بکوژێ؟ باوەڕ ناکەم. ئاخر زۆر جاران ئەو باسی ئەوەی کردیبیە کە لەبەر منداڵەکان خۆی ناکوژێ، بەڵام ئەدی دەبی کێوە چووبێ؟

پاش ئەوەی بەختیار ئۆقرەی لێ هەڵگیرا، ئەگەرچی وەهای نیشان نەدا، کە هیچ لە گۆڕێ بی، بەرانەکینێ پاش چەند دەقەیەکی کەم، دیسان هەمان پرسیاری لە بەرخەکانی کردەوە. ئەوانیش هەمان شتیان وەرام دایەوە، ئەگەرچی تەئکیدی کردەوە، ئەگەر دایکیان قسەیەکی کردبی.

– نا، ئاسایی نییە، ئاخر ئەو کەینێ وەها بەپەلە ڕۆیشتییە بێ ئەوەی بە من بڵێ. ئەورۆ یەکشەممەیە و دەوام نییە، ئاخر چ جێیەک هەیە ئەو بچیتێ. خۆ هەرنا، شکۆ و ناز گەورەن، بە وان دەڵێ کە بەنیازی کێندەر بووە. توو بڵێیی بەنیازی خۆکوشتن وەها زوو دەرپەڕییە؟ نا، نا نا نا، قەت نابی شتی وەها ڕوو بدا، من دەزانم ئێستا دێتەوە.

نێزیکەی نیو سەعاتێک ڕەت بوو و خەبەری نەبوو، تەواو ئۆقرەی لێ هەڵگیرا. هەمیشە لە خەیاڵی خۆی دەیان و سەتان پرسیاری لەدوو یەک دەکرد! ناوە ناوە دەچووە ژووری مێوانان و تەماشایەکی ناو ژوورەکەی دەکرد و چاوێکی دەخستە سەر کاتژمێری دیوار و دەچۆوە ژوورەکەی خۆی. لەو ماوەیەدا چەندان تەلەفۆنی بۆ شیلان خانی خێزانی کرد، بەڵام تەلەفۆنەکەی داخرا بوو!

– باشە، شیلان ئەورۆ دڵی زۆر تەنگ بوو، بەو سبیانە زووە هیچ خوڵقی نەبوو، ئەو ماڵەش لەبەر بارییە. نا، خۆ.... ئەدی، ...م...، نازانم، دەزانی، ...ها...، نا...، نازانم بڵێیم چ، ئەدی بەو سبیانە نەیگۆت، " خۆکوشتنیش وزەی دەوێ. ئاخر لە بەلاش نییە کە نەخۆشی دەروونی ئەوکاتە خۆیان دەکوژن کە بەهۆی دەرمانەوە هەندێک باشتر بووینە، یانی، بایی ئەوەندە وزەیان هاتیتەوە بەرێ، کە خۆیان بکوژن."

خوایە! نا، با هیچ ڕووی نەدا بی. نا نا، هیچ نییە ئێستا دێتەوە. باشە با تەلەفۆنێک بۆ دادە ئەنینا بکەم،

بەشکوم چووبێتە ماڕێ وان.
ئەنینا و مارکۆس ژن و مێردەکی ئەڵمانی بوون، لەگەڵ ماڕێ بەختیار و شیلانی هۆگری یەکتری بووبوون. زووزوو یەکتریان دەدیت، کە بەختیار تەلەفۆنی بۆ ئەنینا خانی کرد، تا بزانی داخۆ شیلانی خێزانی لەوێندەرێیە، یان نا، ئەنینا خانیش بەو هەواڵپرسینە تاسا و دڵی خورپەی کرد، ئەگەرچی ئەو هیچی لەبارەی شیلان نەدەزانی. ئەنینا خان بەڵێنی دا کە تەلەفۆنی بۆ بکا و ئاگاداری بەختیاریش بکاتەوە.

– ئەوەیان ئاسایی نییە، من هەست ناکەم ڕۆژێکی ئاسایی بێ. ئاخر تێناگەم بۆ دەبی ئەوڕۆم ڕۆژە شومەکە بێ. خودایە، پێم بڵێ، لەبەرچی ئەوڕۆ، ئاخر بۆ بلزات ئەوڕۆ، قەڵەم لە بەخت و چارە-ڕەشی من دراپە؟ نا هەست ناکەم ئەوڕۆ وەک هەموو ڕۆژان بی، تەنانەت لەبەر چاوم کەشوهەوا و درەختیش جودان. نا، من ئەبەد نامەوێ ئەوڕۆم ڕۆژێکی شووم بێ. ئەوڕۆژە بی، هەواڵی مەرگی خۆم لە هەواڵی مەرگی ئەودا ببیستم.

بەرەبەرە کات دەڕۆیی و بەختیاریش تەونی بیرکردنەوەی بە هەزاران لاوە پەلی هاوێشتبوو. بیری بۆ زۆر شتی خراپ دەچوو. تەماشای منداڵە وردەکانی دەکرد و سەعات بە خێرایی دەڕوا و مەدامیش هێشتا دیار نییە. ئەوە بووە سەعاتێک و لە بەردەم پەنجەرەکەوە ڕەت نەبوو. لەناو ئەو هەموو جەنجاڵی خەیاڵکردنەدا، دەستی دایەوە تەلەفۆنەکە. بەشکوم دەی ئەوە خوایە و تەلەفۆنەکەی کرابێتەوە. بێ هوودە، چەندان تەلەفۆنی کرد، تەنانەت جرررجررری زەنگ لێدانەکەشی نەدەڕۆیشت! هەرچەند زیاتر کات دەڕۆیی، پتر خەم و ترس و مەرگ لە ناخی بەختیاردا تێکەڵ دەبوون. ئاخر ئەو دەیزانی شیلان هەرچییەکی بەسەردا هاتبێ، ئەوە ڕێک بریتییە لەوەی، هەمان شتیش بەسەر ویدا دێ.

– نا، من هەرگیز نامەوێ ئەوڕۆم ئەوەندە نغرۆ و وێران بێ. خودایە، نامەوێ ئەوڕۆم لە مێژوومدا بنووسرێتەوە، بە ڕۆژی مەرگی نیوەی ڕوحم، نیوەی خۆم، نیوەی هەبوونم، نیوەی بەختیاریم. من تەواو وێرانم. تێناگەم، من هەر سەرم لەسەر پەنجەرەکەیە، بەو هیوایەی شیلان بە بەر چاوم ڕەت بێ و بیدینم، بەڵام لە پەنجەرەکەوە تەم و تارمایی مەرگ لە دارەکان، لە پەلکەکان، لە گوڵە گەش و ڕەنگاوڕەنگەکانیش دەبینم. لەبەرچاوم دنیا یەک پارچە پرسەیە. هەست بە بێدەنگی پرسەی زەوی دەکەم. نا، نا نا نا نا، دەی شیلان، توخوا بەدەر کەوە، من هەست بە ڕوحکێشانی خۆم دەکەم. هەست دەکەم بەرە بەرە هەناسەسوار دەبم. پشیم نایێ! نا، بەشکوم من هوڕێنە دەکەم!

بەختیار کەوتە نێوان دوو بەرداشی فرە مەزن؛ مان و نەمانی شیلان. ئەو هەمیشە بیری بۆ ئەوە دەچوو کە شیلان بێ ئەوەی ئیشی ناو ماڵێی بکا، ڕۆیشتییە، جگە لەوەی ئەو چەند ڕستەیە هەمیشە وەک هەور ئاسمانی بیرکردنەوەی داپۆشیبوو، "بەختیار، دەزانی خۆکوشتنیش وزەی دەوێ. ئاخر لەبەلاش نییە کە نەخۆشی دەروونی ئەوکاتە خۆیان دەکوژن کە بەهۆی دەرمانەوە هەندێک باشتر بووینە، یانی بایی ئەوەندە وزەیان هەیە کە خۆیان بکوژن." لەو ماوەیەدا، مێشکی ملیۆنان کاری بەیەکەوە دەکرد، خۆ دەستیشی لەسەر مۆبایلەکەی هەڵنەدەگرت. هەمیشە دووبارەی دەکردەوە بەو هیوایەی شیلان تەلەفۆنەکەی کردبێتەوە و وەڵامی بداتەوە. ئەو هەرچەند جاری فکری بۆ ئەوە دەچوو کە شیلان خۆی کوشتبی، هەستی بە مەرگی خۆیشی دەکرد. ئەوەیان مەگەر ئەوانە تێی بگەن، وەک بەختیار و شیلان، ڕوحیان هاوبەش کردبێ. هەر یەکەیان بەشێک لە ڕوحی ئەوی دی هەبێ، تا ڕوحێکی کامڵی هەبێ، تا بتوانێ ژیانی هەبێ. ژبەر هەندێ، لە ئانی نێزیکبوونەوەی شیلان لە مەرگ، بەختیاریش لە شوێنی خۆی هەمان هەست و ئیحساسی هەبوو. دوو مەرگی پەیوەست بە یەکتری، مردن و ژیانی یەکیان، مەرگ و ژینی ئەوی تریانە.

– باشە، ئەوە وا لە دوو کاتژمێران نێزیک دەبێتەوە و هەواڵیشی نییە. نا، من نامەوێ ئەوە ڕوو بدا. قەت نامەوێ مەرگی وی بە چاوی خۆم بدینم. خودایە، تکا دەکەم، با ئەوڕۆم ڕۆژە هەرەڕەشەکەی ژیانم نەبێ. من نامەوێ بێ شیلان بم. ئاخر بێ شیلان بوون وەکو بێ-ڕوح-بوونە، بێ هەناسە و هیوا و ژیان و بێ دنیایە. نا، ئەوە بووە دوو سەعات، ئەگەر ئەو بڕیاری خۆکوشتنی دابی، ئێستا ڕوحی لە ئاسمان بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە. نا، خودایە نا، من نامەوێ بێ وی و بێ ڕوح و بێ ژیان و بێ خۆم بم، من نامەوێ ئەو بەرخانەم بێ دایک بن، من نامەوێ ئاسیا لەو تەمەنەیرا بێ دایک بێ، من

هەست ناکەم ئەوڕۆم ئاسایی بێ، ئاخر ئەوە کەینێ گفتوگۆی ناخی من بووە! نا، توخودا خودا با وانەبێ. با ئەوڕۆم خەون بێ، با ئێستام خەوێکی قووڵ بێ. نامەوێ مەرگ لە دار، لە بەرد، لە هەوا، لە ئاسمان، لە شووشە، لە گوڵ، لە پەلک، لە خۆم، لە جەستەم، لە دڵم، لە هەموو گەردوون بەدی بکەم. نا خودایە نا! تەواو وێرانم. چ بکەم. نامەوێ بچم بەرخەکانم لە باوەش بگرم و تێر تێر بۆنی بێ-دایکیان بکەم. نا، نا، نا، نا نا نا نا نا، خودایە ئەو هەموو هوڕێنەیە چییە! نا، نامەوێ ئەوڕۆم ڕۆژی جاڕدانی مەرگ بێ. نامەوێ ئەوڕۆ مەرگی وی و هی من بێ! نامەوێ لە مەرگی وی مەرگی خۆم پەی بکەم. نا خودایە نا! (بەختیار، دنیایە، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان من مردم، دەمەوێ تەرمەکەم ببەیتەوە کوردستان و لەوێندەر بمنێژی.)

بەختیار سەری ڕاوەشاند و یەک دوو مستی لە تەپڵی سەری خۆی دا، ئەو وەسیەتانەی بە بیر هاتەوە، کە جار جارە بەدەم قسەکردن و غەریبیکردنی کوردستانێ و "بەرد لە جێی خۆی سەنگینە"یان دەکرد. ئەو کە بە مستان لەسەری خۆی دا، تا بەخۆ بێتەوە، ئاخر ئەو قەت نەیدەویست درک بەوە بکا، ئەوڕۆ واقیعە و ئەویش لە چ خەو و خەوناندا نییە، خەیاڵ خەریک بوو وێرانی دەکرد. خەیاڵی ئەوەی دەبێ ئەو شەرابە تاڵە بنۆشێ و جاڕی مەرگی شیلان و دار و بەرد و سروشت و عاسمان و خۆی و گەردوون لێ بدا. لەو ماوەیەدا، تەنێ دوو سەعات ڕەت بووە، بەڵام ئەو بیری بۆ ئەوە دەچوو، خۆ ئەگەر شیلان پاش دەرچوونی، خۆی کوشتبێ، ئێستا نەمایە. ئێستا ئەو لە سەردەمی پاش مەرگی شیلان دایە! لەو چرکەساتانەدا وەک هەتیو تاماشای زارۆیەکانی دەکرد. دڵی بووبووە ئاو کە تەماشای چاوە ڕەش و گەش و پڕ لە ژیانە سحرییەکانی ئاسیای دەکرد. تا دەهات لە هەناوی خۆیدا وێرانتر و شەکەتتر و بێ برستتر و بێ ژیانتر دەبوو. بەرەبەرە مەرگ هەناوی دەکوڵی و ڕوحی دەخواردەوە. هەستی بە دارمانی مێشک و دڵ و ڕوحی خۆی دەکرد. بڕیاری دا لە دوو "مەرگ" و "زندیبوون"ی شیلان بگەڕێ!

– ناتوانم زیاتر ئۆقرە بگرم، هەدا نادەم، وا باشترە خۆم و ئاسیا بڕۆین لەو شوێنانە بگەڕێین، کە هەمیشە ئەگەر شیلان بچێتە دەرێ، دەچێتە ئەوێندەر، بە شکۆ و نازیش دەڵێم، "من دەچم شیر بۆ ئاسیا گیان دەکڕم." کاغەزەکەیش دەهێنم و لەسەری دەنووسم، "شیلان گیان، ئەگەر گەڕایتەوە هەم تەلەفۆنم بۆ بکە، هەمیش نامەم لە فەیسبووک بۆ بنێرە!" ناچارم، من ناکرێ لێرە لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەمدا چاوەنواڕی دەرکەوتنی شیلان بم. ئاخر، م... م... ش، .... نا، نامەوێ ئەو وشانە تەواو کەم و بیانکەمە ڕستە، کە بەیانی مەرگی وین لەسەر زاری من! دەی خودایە، بەشکوم ئەو لە ژیاندا مابێ و من لە زەمەنی پاش مەرگی وی نەبم. پاش ئەوەی خۆم و ئاسیا سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووین و بڕیاری ئەوەم دا، یان دەچم شیلان لەو شوێنانە دەدۆزمەوە، یانیش، یان... مێشکم بە باشی ئیش ناکا. هەست دەکەم ڕستەم بۆ تەواو ناکرێ. نا، ئەو ڕستانە ڕستەی ناتەواون، ئەوانەن ئەگەر بگەمە خاڵی کۆتاییان، لە وێندەر، لە کۆتایی ڕستەکاندا لە کۆتایی ژیانی خۆشمدا دەبم. یان، دەبێ بچم لەدوو مەرگ و لاشەی وی بگەڕێم. نا، توخودا خودا، خودای بێکەس و کەسداران، خودای من، من نامەوێ ئەوڕۆم ڕۆژە شوومەکە بێ.

– خۆم و ئاسیا لەناو جادەین، دوو سەرگەردانترین مرۆڤ لەسەر زەوی، هەست ناکەم کەس هەبێ لە من وێرانتر و شکاوتر. خودایە، باشە من چ بکەم. خۆ لەو دنیایە پڕ مرۆڤ و گەورەیەدا بێکەسترین مرۆڤ دەمێنمەوە. من چ بکەم؟ لە کێندەر بژیم؟ چلۆن بژیم؟ لەگەڵ کێ بژیم؟ چۆن دەتوانم جارێکی دی دڵی شکاوم بدەمەوە زەوی؟ ئێستا چ بە خۆم، بە منداڵەکان، بە دایک و بابم، بە دایک و بابی، بە کەسوکاری، بە کەسوکارم، بە سروشت، بە خوا، بە مرۆڤایەتی بڵێم؟ یەخەی کێ بگرم؟ دەزانم، تاوانبارترین مرۆڤ لەو دنیایە منم!

پاش ئەوەی دوو لەو سێ شوێنە دیارانەی پشکنی کە زۆربەی جاران شیلان دەچووە ئەوێندەر، بێ هیوا بوو لە گەڕان. هەمیشەش تەلەفۆنی لێ دەدا و ناوە ناوەش تەماشایەکی نامەی فەیسبووکەکەی دەکرد، بەشکوم شیلان نامەی بۆ نارد بێ، بەڵام زۆر بەداخەوە، دوا نامە لە نێوانیان، ئەو نامەیە بوو، کە سبەیانەکەی بۆی ناردبوو، کە نووسیبووی، "شیلان گیان، لە سبەینێوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم و وەڵامت نییە، پێم خۆش نییە بە بێدەنگی دەرچووی، چاوەڕێم تەلەفۆنم بۆ بکەی. بەنیازی

دیدار." ئاخر پێم بڵێ، کێ هەیە هێزی گەڕانی لەدوو مەرگی ئازیزانی هەبێ، مەرگی نیوەی خۆی، مەرگی دڵی، مەرگی یاری، مەرگی مەعشووقەکەی، مەرگی دایکی سێ بەرخە نازدارەکەی؟ لەبەر ئەوە، قەدەمی شکا. لە شوێنی دووەم، نەیتوانی لە هاژووشتنی ئۆتۆمبێلەکەی بەردەوام بێ. لەوێ، لەناو ئۆتۆمبێلەکە دەستی سارد بوو؛ ژیانی تێدا نەما؛ خوێنسووڕان لە دەمارەکانی بەرەو وەستان و چکبوون دەچوو. ئەوە نێزیکەی سەعاتەکە لەو شارەدا دەسووڕێتەوە. چاوی هەموو ترۆمبێلەک و گەراجی ئۆتۆمبێل و بنیادەمێک دەپشکنی، بەڵام زۆر بێ هوودە، بێ هوودە لەوەی لە شارێک بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ، بەخۆی لەوێ نییە، بەڵکو لاشەکەی؛ لەوێندەر، نیوە جارێ مەرگی شیلان، کە هاودەم نێزیکبوونەوەش بوو لە مەرگی خۆی، لێی دا. لەوێندەر بە قوڕگی گریان تێیدا قەتیسماو و دڵی وشک و ڕوحی نیوە زندی لە ئاسیا ورد دەبۆوە. ئاسیاش بێ خەبەر لەوەی داخۆ جارێکی دی دەچێتەوە باوەشی دایکی، یان نا، خەو بردبوویەوە. بەختیار هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکەیە و دڵی بەرەو وەستان دەڕۆیی. لەوێ قەسدی دەکرد، یان بمرێ، یان دەستێک "لە خەوێ" بەئاگای بهێنێتەوە. تەواو، نابێ زیاتر ڕاوەستی. دەبی دوا شوون بپشکنێ.

– ئاخر من چۆن دەتوانم بگەڕێمەوە دوێنێ، پێرێ، مانگێک پێش ئێستا، ساڵێک پێش ئێستا، تەنانەت پێش سەعات هەشت. دەمەوێ بگەڕێمەوە ئەو سەردەمەی کە گوتی، "بەختیار، دەزانی خۆکوشتنیش وزەی دەوێ. ئاخر لە بەلاش نییە کە نەخۆشی دەروونی ئەوکاتە خۆیان دەکوژن کە بەهۆی دەرمانەوە هەندێک باشتر بووینە، یانی بایی ئەوەندە وزەیان هەیە، کە خۆیان بکوژن." ئاخر، لەوێندەر ڕا ئیشی من بوو؛ دەستی بگرم؛ گوێی لێ بگرم؛ لە باوشێی بکەم؛ ڕوح و دڵی هێور کەمەوە. دەبوایە ببمەوە سێبەری و لێنەگەڕێم بستێک لێم دوور کەوێتەوە. خودایە، من چەند گوناهبارم، من چەند کەمتەرخەمم، چەند بێ گوێ و چەند بەگلەییم لە خۆم. خودایە، چلۆن دەتوانم لە پێش سەعات هەشت بم. دەمەوێ بگەڕێمەوە ئەو وەختەی کە دەمتوانی نیوەی بم، کەرتە ڕوحی بم، تێر ماچی بکەم، پڕی کەم لە عەشق و خۆشەویستی، تا نقوومی کەم لە سۆز و عەشق. وەک لە ئاوهەڵکێشان، لە عەشقدا هەڵیکێشم و تەوژمی دێوەزمە دڕندە بێویژدانەکەی لە ناخ دەرکێشم، کە خۆکوشتن بوو. خودایە، بە هانام وەرە، بمگەیێ، من تەواو، خۆم و ژیانم بەرەو نەمان دەچین.

پاش ئەوەی دوا شوێنیش گەڕا و ئۆتۆمبێلەکەی شیلانی لێ نەدی، ناچار ژەهرە تاڵەکەی نۆشی. ئیدی خۆی تەسلیمی قەدەر و ژیان کرد. ئەو لەوێندەر واژۆی لەسەر مەرگی خۆی کرد، کە دەبی لەدوو مەرگ و تەرمی شیلان بگەڕێ؛ ئەوەیان بڕیارەکە بوو، کە هەرگیز نەدەچووە خەیاڵی، بەو بەیانییە زووە و بەو یەکشەممە شوومە، ژیان وەها سەراوبن دەبێ و مەرگی عەرد و گەردوون بەیان دەکرێن، کە بەردەوام تەلەفۆنی دەکرد و تەماشایەکی نامەی فەیسبووکەکەشی دەکرد، بەڵام ژیان لە چ دەرکە و کونێکەوە هەواڵێکی خۆشی بۆ نەدەهات. وای خەیاڵ دەکرد، ژیان هەمیشە وایە، قەت هەواڵی خۆشی ئازیزانمان نابیستین. ئاخر کە شەپۆل و گەردەلوولی خەم و مەرگ هێرشمان بۆ دەهێنێ، ئاسۆی ڕوون لە چ لایەکەوە نابینرێ. کێ هەیە لەو دنیایە فراوانەدا، تەنێ تەنها و تەنها تەنێ تاقە دەرکەیەک شک ببا، کە هیوا و هەواڵی خۆشی لێوە بێ. بەختیار بەڕاستی هەستی بە تەنگی زەوی دەکرد، وای هەست دەکرد زەوی فرە فرە تەسکە، پشی سوار بوو، نەیدەتوانی لەو زەوییە فراوانە-تەسکبووەدا- تێر بە سینگی خۆی هەناسە هەڵمژێ.

– خودایە، تووشی چی بووم، نازانم لەبەرچی ناتوانم بڕوا بەخۆم بکەم؟ دەوڕۆم، بەڵێ دەوڕۆم، لەو یەکشەممە شوومەدا خۆم خۆم بەرەو ئەو شوێنانە ئاراستە دەکەم کە لەوانەیە لاشەی بێ گیانی شیلانی لێ بدۆزمەوە. دڵم لەسەر هەزار لێ دەدا، مێشکم توانایی بیرکردنەوە و وەرگرتنی هیچی نییە. دەیان کیلۆمەترە ئۆتۆمبێل دەهاژۆم، زەینم لەوە نییە کە چۆنم لێخوڕیوە، نازانم بە کێندەر و بەرەو کێندەر ڕۆیشتیمە. هەر بەمانای وشە هەست بە ڕەشیی ئاسمان و عەرد دەکەم. هەست بە کشوماتییەکی بێ وێنە دەکەم. قەت ئەوەندەی ئێستا هەستم بە بێخوستی زەوی نەکردییە. تێ ناگەم، دەبێ سروشتیش هەستی ئەوەی هەبێ، کە جارێ مەرگ لێدراوە و ڕوحکێشانی نێزیک بوویتەوە؟ دەی خودا، فریام کەوە، ئێستا دەچمە ئەو دەریاچەیەی کە بیرم بۆ ئەوە دەچێ، نا، من باش نیمە، خ... ش... نا نا نا،

ناتوانم خـۆم تەواو کـەم، نامـەوێ نا ، ئاخـر من کـەینێ ئەوەندە ئازا بوویمە، بست بە بست لە دوو مـەرگی خـۆم، جەستەی مردووی خۆم، لاشەی خۆم بگەڕێم. ئاخر ژیان بۆ ئەوەندە بێ بەزەییـیــە، چۆن دەتوانێ وامــان لێ بکا ، بەخۆمان لەدوو لاشە و مەرگی نیوەی خۆمـان بگەڕێین؟ خودایە، با ئۆتۆمبێلەکەی شیلان لەوێندەر نەبێ. نامەوێ بچم لەوێندەر قـــەمـــەرەکـــەی بدینم. ئاخـــر ئەگـــەر ئۆتۆمبێلەکەی شیلان لە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکانی ئەو دەریاچە دەستکردە بێ، ئەوە سەتی ملیۆنیش تەرمی شیلان لەناو ئاوەکەیە! خودایە، خەریکە لەناخی خۆمدا دەکـــەوم، بەردەبمەوە، دەســـتم بگرە. ناتوانم لەوێندەر نێزیکتر ببمەوە. دڵم لەسەر هەزار لێ دەدا. ئاخر هەر کە چاوم ئۆتۆمـبـێلەکـەی وی بدینێ، دەگـەڵ ئەویشـدا دڵم دەوەســتێ، خــوێنم لێ دەچۆڕێ و چک دەکــەم، ڕوحم دەپژێتە سەر زەوی، بێ خۆم دەبم. چ بکەم، ئەدی ئاسیا ، شکۆ گیان و نازی دڵم! بەرخەکانم، چیتان پێ بڵێم، من چۆن دەتوانم باجی ئەوەتان بدەمەوە کە ئەنگۆ بێ دایک گـــەورە دەبن؟ ئەدی چۆن دەتوانم لە ژیان بەردەوام بم؟ هاوار هاوار، ئەدی ئێستا بەو یەکشەمە ڕەش ڕەشە هاوار بۆ کێ ببـەم! بە کێ بڵـێم بێتـە فریام! بێ، دڵ و ڕوحی ڕژاوم کۆ بکاتەوە. خودایە، تەنێ چەند چرکەیەکم ماوە، ئێستا تێدەگەم، لەو شارە مردووەدا ، داخۆ شیلانم ماوە، یان ڕوحی هومــائاســا بەرەو ڕۆژی خــودای ئاســمــان هەڵدەکشێ!

پاش ئەوەی تەواوی شـوێنی وەسـتـانی ئۆتۆمـبـێلی دەریاچەکەی پشکنی و ماشێنەکەی شیلانی لێ نەبوو، ڕاستە نەیتوانی دوا دێڕی ژیانی شیلان لەسەر لەوحەی مەحفوزی ژیان بدۆزێتەوە، کە ماڵئاواییە، بەڵام ئەو تەواو شـەکـەت بوو. تێگەیشت کـە مـەرگی شـیـلان مەرگێکی لێڵ و بزرە، ئەو ناتوانێ بیدۆزێتەوە. تەواو شەکەت، دڵی بریتییە لە یەک پارچە لە ئاگر، لە تەم، لە گـریانی تێدا قـەتیـسبـوو، لە مـەرگ، لە ڕەش و کـرێ سروشت. تەواو، هەستی دەکرد بێ هومێدترین مرۆڤە لە دنیـــایێ! کــات تەواو ڕەت بووە، ئەوە نێـــزیکەی چار سەعاتە شیلان ونە، ونبوونێک بێدەنگی سروشتیش ئاگاداریەتی. تەواو، تەسلیمی ژیانی پڕ مەرگ بوو. تەسلیمی قەدەری شووم بوو. بڕیاری دا بە دەستی بەتاڵ، بەتاڵ لە نەبوونی شیلان، نەبوونی ڕوح، نەبوونی دایک، نەبوونی عــەشق، نەبوونی ژیانی عــەشق بەرەو مــاڵەوە بگەڕێتــەوە. لەوێندەر لەبەردەم منداڵەکـان لەسـەر چۆک بکەوێ و لەبابەڕۆی جاڕی مەرگی شیلان بدا کە مەرگی نیوەی ڕوحی خۆی بوو.

– دەی با دیسـان تەلەفۆنێکی دیکەی بۆ بکەم، دەی، بەشکوم خـودایە و ئەو زندوو مـابێ و تەلەفـۆنەکـەی کردبێتەوە و هاوسڵاوێکم دەگەڵ بکا. خوایە، من هەست بە نێـزیکبـوونەوەی مـەرگی خـۆم دەکـەم کـە دیسـان تەلەفـۆنەکـەی داخـراوە و هەواڵی نازانم. تازە تەواو، تەواو لەوەی من چارەم نەمـا. ژیانم لەو یەکـشـەمەیەدا دوماهی هات. ئێرە دوا مەنزڵ و وێستگەی منە. لەوڕۆوە بە نیـوەڕوحییـەوە هەم، هەبوونێک لەناو جیـهانێک لە بێدەنگی و مردن و تاریک و بێکەسیدا. نا ، من قـەت باوەڕ ناکـەم. ئاخر ئەوە بەرەو چار سـەعـات دەچێ لەو شـارە گـچکەیەدا شـیـلان بێ دەنگە. ئاخر شـیـلان کـە سـبـیـانەکـەی باسی خۆکـوشـتنی کـردبێ و لەوپەڕی دڵتـەنگیـشـیـدا بێ، چ ئەگـەرێکی لاوازە ئەو مـابێ. نا ، خودایە، تکا دەکەم، وەرە کنم، ئێستا لە هەموو دەم زیاتر دەست و هانای تۆم دەوێ، لێـرەم بە، خـودایە، دەمـەوێ ڕوحت لەباتی ڕوحم بە ڕوحی شیـلان بڵێ، با نەڕوا، با بەجێم نەهێڵێ، با بڕیاری سەفەری هەمیشەیی دوا بخا ، با سەفەر نەکا ، با خۆی نەکوژێ، پێی بڵێ کە منی نیوەی ئەو چاوەنوارم، بەرخەکانی بێ ئەون، دەی خودا، من ئەوە بەرەو مـاڵەوە دەگـەڕێمەوە. دەچمەوە، بەشکوم ئەو پێش من گـەڕابێتـەوە و لەوێندەر بێ. خودایە، ڕۆناکایی ژیانم بدەوە، کە بەرەو ماڵ دەچمەوە، دەلعاجی ماشێنەکەی ویم پێ نیشان دە.

خودایە، دەی خودایە، ئاخر ئەگـەر من ماشێنەکەی وی نەبینم. نا نا ، ئەوە دوا دەرفــەتی ژیانی من دەبێ. من چیم بەسـەر هاتووە؟ تێناگەم، ناچێتە ئادگارم لە ماوەی چار سـەعــاتدا، لە دوا سـاتی بڕیاری مـەرگی ئازیزترین کەسم دام، هەست بە بوونی خۆم ناکەم. نا ، هەست ناکەم لێـرەم، هەست بە سڕبوون و مەستبـوون و بزربوونی خـۆم دەکەم. بەرەبەرە هەست بە تاوانەوەی خۆم دەکـەم، هەست بە نەمـانی خۆم دەکەم. تێ ناگـەم، هەر بەڕاسـتی هەست بەبوونی کـەس ناکـەم، تێناگـەم، لەو زەوییـە فـراوانەدا، لەبەرچی تەنێ، تەنانەت تەنێ تاقە بەشەرەکیش نابینم. توو بڵـێی ئەوڕۆ ڕۆژی نەفـخی سـوور نەبێ؟ هەست بە

مردنی زەوی و گەردوون دەکەم، نەک تەنێ مردنی خۆم، نیوەی خۆم، نیوەی دوور لە خۆم. ئا ئەوەتە چرکە بە چرکە لەوە نێزیک دەبمەوە، یان نیوەی زیندووی خۆم مایە و دێتەوە ناو ناخم و ژیانم پێ دەبخشێتەوە، یانیش دوا هەناسەم دەدەم و پەلەواش دەبمەوە، کە لە مەرگی شیلانی خۆم، شیلانی ژیانم، دڵنیا دەبمەوە.

بەختیار هەستی بە سیسبوون و وشکبوونی خۆی دەکرد، شنگ و تاقەت لە جەستەیدا نەمابوو. تەواو تەواو وێران بووبوو، کە ڕووەو کوخەکەی خۆیان دەڕۆیشت و پتر نێزیک دەبۆوە، نەیدەویست ئەو چرکەساتە ئادگار بکا، لە نێوان مەرگ و مانی شیلان یەکێکیان هەڵبژێرێ. ئاخر چ کەسێک ئەوەندە بەجەرگە بەرەو ئەو خوولەکە بڕوا، یان نێزیکترین کەسی ماوە، یانیش لاشەیەکی بێ گیانی لە شوێنێکی نادیار بۆ بەجێ هێشتییە. لەگەڵ ئەوەی پەیتا پەیتا لە گەڕەک و کۆڵانەکەی خۆیان نێزیکتر دەبۆوە، شەکەتتر دەبوو، مێشک و بیرکردنەوەی جەنجاڵتر دەبوو. هەزاران بیری ناخۆش، ناخۆش لە هاوشێوەیاندا هاوشێوەیان نەبووە. ئاخر ئەو قەت باوەڕی نەدەکرد، کەسێک لە ئەزەلەوە، ئەزەلێک لە هەزاران ساڵی پێش مێژوو، ڕوحیان یەک ڕوح بووبێ، پێکەوە ژیا بن، هاوژیان بووبن، نیوەی تەواوکەری یەکتر بووبن، ئێستا یەکیان لە شەقەی باڵی دابێ و دوا سەفەری کرد بێ، هەزاران پرسیار و هوڕێنە وەک تیشک بە مێشکیدا ڕەت دەبوون. لەو چرکەساتانەی کۆتاییدا بەناو هەموو چرکە بە چرکەی ڕابوردوو و هەموو ئەو داهاتووە نەگریس و ڕەش و بێ ژیانەشدا ڕەت دەبوو. تەواوی ژیانی پڕ لە شیلان و داهاتووی بێ شیلانی دەچەشت. چرکەساتەکی بێ وێنە بوو، نەیدەزانی لە چ سەردەم و زەمەنێکدا دەژی. هەموو ڕابوردوو و داهاتووی لە ئێستا پێکەوە ئەزموون دەکرد. وایدەزانی کە ڕابوردوو و داهاتوو هەمووی بریتین لەو ژیانە بێ سروشت و بێ ژیان و بێ شیلان و بێ ڕوحە، دوا پێچی بەرەو کاولە کۆشکێ کردەوە!

– ناااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااا!! نا خودایە نا، خودایە با قەت وانەبێ. ئاخر تەواو، من وێران و وێرانتر بووم. تازە خۆمم نەما، خلاس بووم، ئەوم نەما، ژیانم نەما، شیلانم نەما، کەسم نەما، لەو بێکەسییەمدا بێکەسترین کەسم، کە ماشێنەکەی لێرە نییە، یانی تەواو، مەگەر خوا بزانێ لاشەی پیرۆزی لە چ کونجێکی ئەو شارەدا بێ ناز، بێ من، بێ بەرخەکانم کەوتییە. داخۆ چەند سەعاتە لەسەر عەردی نەمایە. خودایە، من تەواو، مردم! ئەی هاوار، کێ بە فریام دێ؟ لە شارێکی بێ کەس و بێ دۆست و ئازیزان، کێ دەستم دەگری، کێ دەمنێژێ، کێ ڕوحی پارچەپارچەبووم کۆ دەکاتەوە؟ منێکی بێ کەس، خودایە، بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ، ئاخر ژیان تاوانی چم لێ دەبینی، کە مەرگی ئازیزانم بۆ دەکاتە دیاری. ئاخر ئەو یەکشەممە ڕەش و شوومە لە کێندەر بۆ من و بەرخەکانم هات. نا خودایە، وێرانم وێرانم! کەس شک نابەم، هەست بە دەنگی هیچ ناکەم، لەبەرچاوم زەوی بە مرۆڤ و ئاژەڵ و سروشتییەوە، هەموویان مردوون. بەو نوێژی نیوەڕۆیە دنیا ڕەش ڕەشە، تاریکە و چاوم بەرپێی خۆشم نابینێ. چوار دەورم یەک پارچە لاشەی مردووی مرۆڤ و درەخت و باڵندە و ئاژەڵە. نا، ماندیم. ماندیم و زۆریش ماندی، ئێستا هەست بە مردنی خۆم دەکەم، ئەسڵەن من لەو ساتەوە نەماوم، کە ئەو نەماوە!

پاش ئەوەی لەبەردەم ماڵێ ماشێنەکەی ڕاگرت، لەناو ئۆتۆمبێلەکە و لەبەردەم ئاسیای بچکۆلانەدا، زۆر گریا، لە بابەڕۆی دا، گریانێک گریانی بەختیار بوو لە دیار لاشەی شیلانی هاوسەری. نەوەک گریانێک هێشتا نازانێ شیلان لە چ گۆشەیەکە. پاش ئەوەی پێ و قەدەمی شکا و نەیتوانی دوو شەقاوان بهاوێ. لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا، پرسەی دانا. پرسەی نەمانی شیلان، شیلانی دڵ و ڕوحی. لە خەیاڵی خۆیدا وەها تەماشای ئاسیا دەکرد بەستەزمانە و لەوە ناگا کە ئیدی ئەو جارێکی دی باوەشی دایکی نابینێتەوە! پاش ماوەیەک لە ئۆتۆمبێلەکەی هاتە خوارێ و بچێتەوە ژوورێ، تا لەبەردەم شکۆ و ناز و ئاسیادا چۆک دابدا و جاڕی مەرگی دایکیان لێ بدا. هەموویان شین بکەن و لەبۆ بێکەسی خۆیان بگرییێن.

بەختیار: شکۆ، ناز، وەرن!

شکۆ: ها بابە، چ بوو؟ دایکم هاتەوە؟

بەختیار: نا کوڕم، ئەو ئایپادانە بکوژێننەوە. وەرن گوێم لێ ڕابگرن. نازانم دایکتان لە کێندەرە. پێدەچێ شتێکی خەتەر و ناخۆشی بەسەردا هاتبێ، هیوادارم دایکتان سەلامەت بێ و هیچی بەسەر نەهاتبێ!

ناز: نا، چۆن دەبێ، توخوا وامەڵێ (بەگریانەوە). مادەم وەرە تەلۆفۆن بۆ پۆلیسی بکە، بەشکوم ئەوان دەزانن دایکم لە کێندەرە.

بەختیار تەواو وێرانە، پێی وابوو ئاسەواری فرمێسکەکانی لەسەر چاوەکانی سڕیبۆوە، تا ناز و شکۆ درک بە گریانەکەی نەکەن، بەڵام لەوە دەچوو دڵیان خەبەری دابێ و ئەوانیش ئەوەیان لە چاوی بابیان خوێندبێتەوە، کە بەڕاستی دایکیان شتێکی خراپی بەسەر هاتووە. هەر سێکیان لە دیار لاپتۆپەکەن تا ژمارەی تەلەفۆنی پۆلیسی شارەکەیان بدۆزنەوە و هەواڵی شیلان بپرسن. ئەسڵەن بەختیار بەو نیازە تەلەفۆنی دەکرد، تا ئەگەر پۆلیس هەواڵی مەرگی ئافرەتێکیان لە لایە، پێی بڵێن. ئەو خەیاڵی لە کن ئەوە بوو، وەک هەواڵی بەپەلە، ئەوە بدۆزێتەوە، ئەگەر لەو یەکشەممە ڕەش و شوومەدا کەسێک خۆی کوشتییە و لاشەکەی لە فلانە پەناپەسیوان دۆزرابێتەوە. هەرسێکیان چاوەڕێی دوا هەواڵی پۆلیسن و لەسەر مۆبایلەکە خڕ بووینەوە. کە بەختیار تەلەفۆنی دەگەڵ پۆلیسی شارەکەیان کرد و سڵاوی کرد، لەبەر ئەوەی لە دڵی خۆیدا دەیویست لە هەواڵی مەرگی شیلان بپرسی، قسەی پێ نەکرا، یەکسەر لە پڕمەی گریانی دا. هاڕەی گریان و نزگرەی وی ناز و شکۆشی گریاند. ئەوانیش لەوە گەیشتن تازە دایکیان نەماوە. ئا ئەوەتا بابیان لەبەر چاویان دەگریێ و جاڕی مەرگی دایکیانی لێ داوە. بەدەم گریانەوە ناتوانی دوو ڕستە لەگەڵ پۆلیس بدوێ.

بەختیار: سڵاو، من بەختیارم. لێرە دەژیم. د... (گریانی بەکوڵ)

پۆلیس: فەرموو بەڕێز، کاتی خۆت وەرگرە. من لێرەم تا یارمەتیت بدەم.

بەختیار: خێزانەکەم لە بەیانییەوە دەرچووە، ن.... نازانم... لە... ک... (هەر بەردەوامە لە گریان)

پۆلیس: خێزانەکەتان لە بەیانییەوە دەرچووە و هەواڵی نازانی؟

بەختیار: بەڵێ.

پۆلیس: نەیگوتووە دەچیتە کێندەر؟

بەختیار: نا، من لە تەوالێت بووم، کە هاتمە دەرێ، ئەو ڕۆیشتبوو. هیچی لە بارەوە نازانم.

پۆلیس: ناوی خێزانەکەتان چییە؟

بەختیار: شیلان ڕۆستەم ئەحمەد

پۆلیس: باشە، ناوونیشانی ماڵەکەتان چییە، ئەگەر ئەزیەت نەبێ؟

پاش ئەوەی بەختیار بەدەم گریان و نزگەرەوە لە خانمی پۆلیسی گەیاند کە هیچ لە بارەی شیلان نازانێ و لەوە دەترسێ ئەگەر شتێکی بەسەرهاتبی. ئەوان لە پێش پەنجەرەی ژوورەکەی بەختیار دانیشتبوون. لە پەنجەرەکەوە هەر کەسێک دەبینرا کە بەرەو ماڵەکەیان دەهات. شکۆ و نازیش چاوەڕێی ئەوەن پۆلیسەکە مژدەیەکی خۆش بداتە باویان، بەڵام وەک باویان، ئەوانیش هەردووکیان دەگریان. لەناکاو:

شکۆ: بابە بابە، بابە بابە، دایکم هاتەوە. ئەوەتا دایکم لە پێش پەنجەرەی ڕەتبوو، دایکم هاتەوە، دایکم هاتەوە!

بەختیار: بەڕێز، بەڕێز، سپاست دەکەم، زۆر زۆر سپاس. ئەوە خێزانەکەم هاتەوە. خێزانەکەم گەڕایەوە. ئەوە منداڵەکانم لە پەنجەرەوە ئەویان دیت. زۆر سپاست دەکەم، من کارم نەما، دەی خواحافیز، زۆر زۆر زۆر سپاس.

تەلەفۆنەکەی داخست و بەپەلە بەرەو دەرکەی سەرەکی شوقەکەیان غاری دا. شیلان بەژووریێ کەت، کە شیلان هاتەوە ژووریێ، هەرسێکیان، بەتایبەتی بەختیار، یەکسەر بەرەو پیری ڕۆیشت و گلەیی و پرسیاری ئەوەی لێ کرد کە لە کێندەر بووە.

بەختیار: شیلان، توخودا ئەوە ئیشە تو دەیکەی؟ پێم نالێیی لە سبیانێوە دەرچووی کێوە چووبووی؟ ئاخر من لە سبەینێوە وێران بووم، هەموو ئەو شارەت لە دوو گەڕامە.

شیلان: من دەزانم نەدەبوایە ئەوها بە بێ دەنگی بڕۆم و بەکەستان نەڵێم. بەڵێ ڕاستە، ئەوڕۆ سبیانێ دڵم زۆر زۆر زۆر تەنگ بوو، خەریک بوو لە ناخی خۆمدا دەتەقیمەوە، دەتوامەوە، دەمردم. نەمدەتوانی بەرگەی خەمۆکییەکەی خۆم بگرم، هەستم کرد ئەگەر چەند دەقەیەکی دی مابوومایەوە، ئەوە شێت دەبووم. هەستم بە دڵتەنگییەکی زۆر کرد، لەبەرهەندێ، یەکسەر چوومە دەرێ تا هەناسەیەک بدەم، یارمەتی خۆم بدەم، دڵی خۆم بکەمەوە و باری دەروونی خۆم هێور بکەمەوە. بەڕاستیت پێ بڵێم، ئەگەر ئەوهام نەکردبا، ئەوە هەستم دەکرد لێرە، لە ماڵەوە، دەمردم.

بەختیار و زارۆیەکان ئەوەیان لە شیلان گەیاند کە ئەوان وایان زانیوە کە ئەو شتێکی بەسەر هاتووە. بەختیار لەبەردەم شیلان تێر تێر گریا، ئەو لە گریانەکەی کڕ نەدەبۆوە، کە لەگەڵ پۆلیسەکە هەیبوو. بەتەواوی لە شۆکی مەرگی شیلاندا بوو، ئەو بە تەواوی قەناعەتییەوە لە سەردەمی پاش مەرگی شیلاندا دەژیا. لەبەر هەندێ، ئەگەرچی شیلان گەڕابۆوە ماڵەوەش، بەڵام ئەو نەیدەتوانی گریانەکەی ڕابگرێ و تێر تێر بۆنی هاتنەوە و زندووبوونی شیلان بکا؛ لە باوەشی بگری؛ و هەزاران ماچی مانی لێ بکا.

بەختیار نەیدەتوانی خۆی هێور بکاتەوە، نەیدەتوانی ئادگاری ئەوە بکا، کە لە ماوەی ئەو چار کاتژمێرەی بەسەریدا هاتبوو. لەبەرئەوەی بە هەموو خەیاڵ و قەناعەتییەوە بڕیاری مەرگی شیلانی دابوو و لە سەردەمی پشتی مەرگی شیلاندا ژیا، لە ماوەی ئەو چار سەعاتە، کە پێی وابوو چار ساڵ و چار سەت ساڵ و بگرە هەموو تەمەنی ڕوحی وان بووە، تاسا بوو، مێشکی توانایی ئەوەی نەبوو هەست بە بوونی شیلان بکا، کە ئێستا وا لە تەنیشتی دانیشتووە. تا ماوەیەکی زۆر لە تاسان و گریانەکەی بەردەوام بوو، پاش ئەوەی بەدەم نزگرەوە هەندێک لە هەستەکانی خۆی لە شیلان گەیاند، شیلان داوای لێبووردنی کرد و ئەویش لە تاوی خەم و خەمۆکی خۆی و پرسۆزی بەختیاری مێردی، شیلانیش دەستی بەگریان کرد.

دوای چەند ڕۆژێک، بەختیار هەستی بە گۆڕانێکی گەورە کرد. هەستی دەکرد ئەو، نەک شیلان، ئەزموونی مردنی کردووە. ئەو تەواوی هەست و بیرکردنەوە و تێڕوانین و بێکەسی و هەتیووبوونی منداڵ و سەرگەردانبوون و ئەژنۆشکانی پاش مردنی نیوەی خۆی، نیوەی ڕوحی، هاوبەشی ژیانی خۆی چەشت. ڕاستە لە واقیعدا شیلان زندوو بوو و زندووە و نەمردووە، بەڵام ئەو وای هەست دەکرد، نا، شیلان بەتەواوی مرد بوو، مردنێکی ڕاستەقینە مردبوو و ئێستا زندوو بووەتەوە.

بەختیار: ئێستا دەمەوێ بە هەموو جیهان بڵێم، دەمەوێ لە شوێنێک هەموو مرۆڤایەتی کۆ بکەمەوە و پەیامێکیان ئاراستە بکەم، دەمەوێ لەو پەیامە پێیان بڵێم، نرخی خۆشویستنی ئازیزانتان و بەختەوەری ژیانتان بزانن. لەوە بگەن کە چەند بەختەوەرن کە هاوژین و نەوە و دایباب و دۆست و خۆشەویستان و هاوڕێیانتان هەن. ئەی هاوار لەوە بگەن، هیچ شتێک لەوە بەنرختر نییە ئێوە هاوسفرە و هاوسات و هاوسەردەم و هاوژیانی ئەوانن. تێم بگەن، کە ئەوان بەس زندوون، بەسە بۆ ئەوەی لە ترۆپکی بەختەوەری بن، بەرەو دوندی خۆشژیانی هەڵگەڕێن، ئاسوودە بن، ئارام بن، لێنەگەڕێن تەنانەت بۆ چرکەیەک دڵی خۆتان و ئەوان بهێشێن. ئەوان دیاری و سەرمایەیەکی زۆر گرانبەهان، گرانبەها تا ئەو ئاستەی پارە و پوولی سەر عەردی سەنگی لا تەرازووی بوونی ئەوانی نییە. کوڕە هۆ خەڵکینە، هۆ گەنج و لاو و کوڕ و کچان، لەگەڵ هەمووتانم، تەماشای تەنیشتە خۆتان بکەن، ئا ئەوەتا، کەسە نێزیکەکانتان لە تەنیشتتانەوە دانیشتوون. ئەوان زندوون، زندووبوونی ئەوان زندووبوونی ئێوەیە. ئێوە بە وانەوە زندوون. تەماشاکەن، ئەوان هەناسە دەدەن و ڕوحیان هەست و هۆشی تێدایە. ژیان هەر هەمووی بریتییە لە هەبوونی ڕوحی ئەوانەی لە تەک ئێوەن. ئەوان کە ڕوحیان زندووە، تەماشای جەستەی مادییان مەکەن، ئەو پێکهاتە مادییە هیچ نییە، بەهای نییە، بوونی نییە، بێ گیانە، بێ هەستە، ئەو نییە، بەشەرە ڕاستەقینەکە نییە، بێ هەبوونی "ڕوح"یان. تکا دەکەم، هەتا هێزتان هەیە دەست لە ڕوحی ئازیزانتان بدەن، هەستیان پێ بکەن، تێر بۆنی ڕوحیان بکەن، ڕوحیان لە باوەش کەن، نازی ڕوحیان بگرن، ڕوحی ئەوانتان بەقەد ڕوحی خۆتان خۆش بوێ. نازانم تێم دەگەن، یان نا، دڵخۆش بن دڵخۆش، بەختەوەر بن بەختەوەر، کە دەبینن ئازیزانتان زندوون و ڕوحیان لێتانەوە نێزیکە. ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی قەت گلەیی لە هیچ ناخۆشییەکی ژیانی خۆت نەکەی، کە ڕوحی خۆشەویستانتان هەیە. دەی من ئێستا بەجێتان دەهێڵم، بەڵام دەمەوێ ئێوە تێر تێر ڕوحی ئازیزانتان لە ئامێز بگرن، ئاوێزانی یەکتری بن، چاوتان لەسەر یەک دانێن و ڕوحتان لە زندوویەتی ڕوحی ئەواندا بتوێننەوە، بەختەوەری بکەن، ئاسوودەی بکەن. ئێ ئەوەندە بەسە کە ڕوحی ئەوانتان هەیە. تەماشا کەن، ئا ئەوەتا ئەوان زندوون و لە تەنیشتتانەوەن. ئەوەندە بەسە کە ئەوانتان بە زندوویەتی هەیە، تا بەختەوەرترین مرۆڤی سەر عەردی بن.

٢٠١٦/٧/٢٧